# کەمانچە ڕەشەکە

هاشم سەڕاج




(یۆهانز کارلسکی) مانەندی موریدێکی ئەهڵی دڵ بەردەوام چاوی ئەنوقێنێت و گوێی بۆ بێدەنگییەکی کش و ماتی (خامۆشیەکی ڕەها).. شل دەکات و (دواجار یۆهانز ئەو سەرچاوە ئیلهامە دەدۆزێتەوە کە بۆ نووسینی ئۆپێراکەی پێویستی بوو).. توخمگەلێکی هاوبەش و هەڵسوڕێن گیانبەخشی هەردوو نۆڤلێتی (بەفر)و (کەمانچە)ەن.. شەرابی (ساکی)و (گراپا) ئیقاعی (هایکۆ)و (موزیک).. سەمای ڕەنگەکان، ڕەگەزی عیشق و سرووش و نیگا، جواننووسی، سەمازانی، ڕەنگڕێژی، مۆسیقازانی، پیتی سەر لەوحی (طور)و کەمانچە ڕەشەکە، هەڵقولانی ڕووداوەکان لەتوێی سەردەمە کۆن و دێرینەکانەوە، (یۆکۆ)ی ساموراو (یۆهانز)ی سەرباز، (بەفر)ی پاکیزەو (کارلا)ی مادۆنا، سوزوکی مورشیدو (ئیراسمۆس)یش بەهەمان شێوە.. هەردوو تێکست واتا (بەفر)و (کەمانچە).. دوور نییە.. (بەخێوکەری هەنگ)یش وەك تەواوکەری سێینەکە.. لەهەمان بازنەی نووسراوە (مەکتوب).. قەدەرە گەمە سۆفیزمەکە تەواو بکەن گەمەیەك کە پابەندە بەچرکەساتی ئێستاوەو سەر بەقۆناخی ئێستەتیکییە (ئەو کەسەی لەم قۆناخەدا دەژی ئەوا لەئێستادا دەژی و هەمیشە بەدوای چێژا دەگەڕێت.. (دوا چێژی ڕۆحی و ئەپیکۆری).. هەروەها باشە لەجوانی و قەشەنگی و پاکی و خۆشیدا دەبینێت).. وەرگێڕی کوردی لەپێشەکیدا بەمشێوەیە لە(کەمانچە

رەشەکە) دەدوێت: (ئەگەر رۆمانی (بەفر) گەشتێکی فەنتازی بووبێت بەناو رەنگی سپیدا لەڕێی سپێتی بەفرەوە، ئەوا گەشتەکەی ئەمجارەی (فێرمین) بەناو رەنگی رەش و دنیا سیحراوییەکەی مۆسیقادایەلەڕێی (کەمانچەیەکی رەش)ەوە کە لەسەرەتادا وەك سیمبوڵی عیشقێکی گەورە خۆی ئەنوێنێت و لەکۆتاییشدا ئەگۆڕێ بۆ سیمبوڵی نەفرین و مەرگ)..

خوێنەر، لەڤینیسیاداو لەمیان ئاوازی (یۆهانز کارلسکی)و ئاوازی (ئیراسمۆس)ی کەمانچە سازو ئاوازی جەنگدا چلۆن گوێی بۆ (بێدەنگییەك هەڵبخات کە وێڵ و سەرگەردانیەتی ئا لەو چرکە ساتەدا– جوانی شاری ڤێنیسیا).. باق و بریق و درەوشانەوەی.. جوانیەکە لەجیهانی مۆسیقاو سەماو شیعرو شێوەکاریدا دڵۆپە ئاونگیەکانی رۆح هەڵدەڕێژێت، لەیرە بزاڤو جووڵەی نووسین لەئەزەلەوە ئاوێزانی تێکستی (بەلەمی مەست)ی (ئارثر رامبۆ).. بووەو.. یا تەرمی سپی و رازاوەی (ئۆڤیلیا)یە کە (مەرگ) لەڕۆخ دەریایەکدا پێی پێدەکەنێت!.. (شارەکە لەکەشتییەکی گەورە دەچوو بەسەر ئاوی ئەستێرکەکانەوە بلەنگێتەوە بەڕاستی جوان بوو!).. (بەلاّم بەپێی قسەی ئەفسەرەکە خەریکە نوقم دەبێت، بێگومان رۆژێك دێت بەتەواوی لەبەرچاو ون دەبێت).. جەنگ جوانیەکان لەنێو دەبات، جەنگ ژیارە دێرینەکان هەڵدەوەشێنێت و جەنگ زەمەنەو (سۆپرانۆ)ی (کارلا)ش (لەهەمووشتێ ناخۆشتر ئەوەیە هەر لەیەکەم شەوی نەخۆشیەکەیەوە بەتەواوی دەنگیشی لەدەست داوە) یۆهانز لەسەرەتاوە بەهرەو توانا و جۆرێك لەشێتی تیابوو.. (بەیانییەکی هاوین لەباخەکانی تۆیلێری، کەمانچە ژەنێکی قەرەج بڕێك شادمانیی پێبەخشی و بۆ هەمیشە ژیانی ئەوی گۆڕی، یۆهانز لەنزیك کانییەکەوە سەرگەرمی یاری بوو کە لەپڕێکا کابرایەکی مووڕەش و ریشن لەلا رێیەکەوە پەیدابوو، وەستاو پاشان لەسەر زەوییەکە هەڵکورماو کەمانچەکەی لەجانتاکەی دەرهێنا. کابرای قەرەج هێند بالاّ زراڤ بوو کە کەمانچەکە لەنێو دەستەکانیدا لەیارییەکی منالاّنە دەچوو، کەمانچە ژەنەکە سەرەتا بەپێیەکانی ریتمێکی وەرگرت و پاشان ئاوازێکی هێند دڵڕفێنی ژەنی کە منالّەکە دەمی داچەقی و بەحەپەساوییەوە چاوی تێبڕی، قەرەجەکە کەمانچە ژەنێکی کارامە نەبوو و لەڕاستیدا بەتەنها لەڕێی بیستنەوە فێری مۆسیقا بوو بوو، بەلاّم نەغمەکانی هەڵقولاّوی دڵی بوون و ئاوازەکەی بەجۆش و دەربڕی خەم و شادیی تەواوی قەرەجەکانی جیهان بوو، قەرەجەکە هەر زوو بۆی دەرکەوت کە نزیکایەتییەك لەنێوان ئەوو یۆهانزدا هەیە، بۆیە چاوی بڕییە چاوی منالّەکەو ئاوازێکی پۆلکای بەزمگێڕانەی جوان و لەهەمان کاتدا زۆر نامۆی ژەنی کە کەس لێی تێنەدەگەیشت) (بەلاّم بەلای یۆهانزەوە ئەم ئاوازە لەدرکاندنی نهێنییەك دەچوو، بۆ یەکەم جاربوو کەسێك بەزمانێکی دڵنشینەوە لەگەڵیدا بدوێت، ئەو زمانەی کە بووە پردی پەیوەندی بەردەوامی ئەو لەگەڵ دونیادا) یۆهانز لەتەمەنی منداڵییەوە خاوەندی جیهانێکی بەهرەمەندی رۆحانییە.. شەرای ئیحاو سروش گیانی دەوروژێنێت و نەشئەی نەواو مۆسیقا بەرەو مەملەکەتی خەیاڵی دەبات. (یۆهانز وردە وردە تێگەیشت کە کەمانچە ژەنە قەرەجەکە لەڕێی مۆسیقاکەیەوە دەیەوێ سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، هەر بۆیە (چاوەکانی نووقاندو پێی نایە نێو دونیای خەیاڵەوە)) گەشتێکی ئەندێشەیی رووەو دنیای بێجوگرافیا و بێسنووری غەجەران، ژیانی رەوتەنی و گەڕیدەیی، خاکی بۆهیمیا.. کە لەدواین ساتی عیشق و تراژیدیا دەبێتە مەفتەنی داری ئابەنووس، مرۆڤە روخسار

سوورەكانی دەوری ئاگرو سەرماو برسێتیو تەنیاییو دیمەنی كۆمەڵێك داركاژ كە بەفر پۆشیونیی،.. قەرەجەكە گوتی: (تۆش ئەی هاوڕێم بەنیگای چاوەكانت زۆر لەوە زیاترت داومەتیٚ كە تا ئێستا وەرمگرتووە)

غەریبترین كێشە لەوەدایە كە خودی ئەڤیندارو بەهرەمەند دركی ئەوە دەكات كە (خودا جیهانەو جیهان لەخودادایە) رۆحی نووسینیش غەجەرێكەو هەوڵدەدات گەمە بەكۆدی ئاوازەكانی گەردوون بكاتو چێژو لەززەت لەو ئیقاعخانەی عەبەسە وەربگرێت، مۆسیقا وەك هونەرێكی باڵای هەست بزوێن..هێدی هێدی رۆحی غەمگین دەپڕوكێنێت، رۆحیش لەشێوەی پێكهاتەیەكی رەنگی بریتییە لەكۆمەڵێك مۆنادو نەغەم..

"یۆهانز كارلسكی".. بەتاسەی هەستو ئیحساسەوە شەیدای جوانیو مۆسیقای لەرەی دەنگە.. هەر بۆیە لەڕێگەی ئەو هەستەوە خەریكی تەواوكردنی ئۆپێرا رەهاكەیەتی (نووسینی ئۆپێرایەك، جوانترین ئۆپێرای گشت سەردەمەكان بێت).. بێركلی (BERKLEY) چەنیٚ جوانی گوتووە (ئێمە جگە لەو شتانەی هەستەكانمان پێمان دەڵێن ناتوانین زیاتر دەربارەی جیهان بزانین).. (بەڵام خۆیشی ژەنیارێكی شایستە بوو، لەبەرئەوەی تەواوی ئەو ئاوازانە، لەسەری پەنجەكانیەوە نا، بەڵكو لەناخی دڵیەوە سەرچاوەیان دەگرت) (بەمجۆرە یۆهانز لەتەمەنی حەوتساڵیداو لەكڵێسای سانت لویس ئانلیلی لەپاریسدا یەكەمین كۆنسێرتی خۆی پێشكەش كرد).. (لەكاتی ژەنیندا چاوانی نووقاندو كەوتە سەما، لەگەڵ هەر چەمانەوەو جووڵەیەكی جەستەیدا، دەتگوت متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێت، یۆهانزو كەمانچەكەی بووبوون بەیەك، نۆتە پاكو كریستاڵیەكان یەكەیەكە لەكەمانچەكەوە بەرزدەبوونەوەو سەریان لەتاقە گومەزییە كۆنو بەردینەكە هەڵدەسوو). لەدنیای وەهمە جوانو رەنگاوڕەنگەكانی هەر میهردۆستو بەهرەدارو داهێنەرێكدا، فریاد رەسێك هەس چوون فروستادێكی فیردەوسی بەردەوام لەشاڵاوە خەتەرناكەكانی مەرگو تیری ناوادەی چاوی بەدو پیلانە ئەهریمەنیەكان دەیپارێزێت، ئەو ئافرەتە رەشپۆشەی لەشێوەی (مادۆنا).. دەردەكەوێتو بەلالآنەوەو مۆسیقاو گۆرانی برینەكانی ساڕێژ دەكات.. (چاوی كردەوەو ئافرەتێكی بینی كە بەسەر سەریەوە وەستابوو، جلوبەرگێكی درێژی رەشی سەربازی پۆشیبوو و رەشمەی ئەسپێكی رەشباویشی لەدەستابوو، یۆهانز دەیتوانی هەست بەنیگا پڕ شەوقەكەی ئەو بكات، چاوەكانی لەو تاریكیەدا ئەدرەوشانەوە) (مەتارەیەكی لەناو زینی ئەسپەكەی دەرهێناو لای یۆهانزەوە كەوتە سەر ئەژنۆ، سەری بەرزكردەوەو یارمەتیی‌دا تا قومێك ئاو بخواتەوە، پاشان لەو كەشە پڕ خەمو كەسەرەدا دەستی كرد بەگۆرانی چڕین، دەنگی بەڕادەیەك زوڵاڵو دڵڕفێن بوو كە یۆهانز برینەكانی خۆی لەبیرچووەوەو كەوتە دونیایەكی خاڵی لەئازارەوە) (بەدرێژایی ئەو شەوگارە، ئافرەتەكە ئەوی وەكو مناڵێك بەخۆیەوە نووساندو گۆرانیی بۆ وت. دواجاریش دەمەو سەحەر، ئافرەتەكە ماچێكی لێوەكانی كرد، بەمجۆرە یۆهانز چاوی نوقاندو خەوی لێكەوت) فۆنیمی لەنجەدار پاژێكی لەمۆنادەكانی ماڵی راستەقینەی رۆح بەركەوتووە، بۆیە شتگەلێكی تیایە لەئیكسیر دەكات، شەپۆلێكی لەززەتدار لەحەشیشو نەشئەی ناوادە، بەلەز دیٚو لەپانتایی گیان دەداتو دەسگیر ناكرێت.. بەپێی فەلسەفەی ئەفلاتون یان سۆفیزمانی ئەفلاتونی نویٚ.. كە لە(پریشكی ئاگرەكە) دەدوێن.. (بەڵیٚ تەنانەت لەگوڵە باخێكداو لەگوڵە نێرگزێكیشدا ئەم

جۆره تیشکه خودایانەیە دەبینین).. پریشکی ئاگرەکە (ئەم رووناکی خودایانەیە لەبوونەوەرەکاندا هەیە، لەناو گوڵە خەشخاشێکدا، کە دەدرەوشێتەوە، بەڵام مەزنترین نهێنی خوایانە لەڕێگەی رۆحی خۆمانەوە لێی نزیك دەبینەوە.. لەویْ لەگەڵ نهێنی ژیاندا ببینە یەك).. نۆڤلێتی (کەمانچە رەشەکە) وەك روگەی عیشق و ئەڤین لەڕێگەی ئەم دەنگە رۆحییە ئەفلاتونییەوە دەرگاکانی (جوانی) دەکاتەوە لێرە فۆنیم یا نەغمەی ئەو دەنگە ئۆپێراییە کە لەچەندین چرکەی ناوادەو چاوەڕواننەکراودا لەقوڕگی فروستادەیەکی (فیردەوسین)ەوە مانەندی چەهچەهەی بولبولێکی لانەوازو خۆشئاواز دەچریکێنرێت، ئەم لەتە دەنگە ناز پەروەرو ئاوازدارە جادویەکەو لەگەڵ خەون و موزیك و فەزای گەردوون و رەنگی رەشی هەیوولای خیڵقەتا ئاوێزان بووە،.. ئەو دەنگە ئیکسیری بەهرەیەکە، تا دیْ بەعیشق و ئازارو ئەشکەنجەیەك لەنێو دڵ و دەروونی (یۆهانز)دا دەڕسکێت، پێڕاگەیاندن و هەڵکەوتنی ئەو بەهرە ئۆپێراییە لەگەشەسەندن و هەڵکەوتنی -مەسیح- دەکات، کابرای غەجەر لەخاکی رەشی (بۆهیمیا)وە دیْ، مانەندی (مەجوس) وێڵ و سەرگەردانی بەدواداچوونی ئەو موژدە خواییەیە، غەجەر بەڕۆح و دڵ و زەردەخەنەی تژی لەمیهرو بەرائەت و ئاوازەکانی خاکی بۆهیمیا پێشوازی لەو بەهرەیە دەکات، هەروەها دەرکەوتنی ماریا و کارلا و مادۆنای مەجدەلییە.. لەشێوەی دایك و دەسگیران و دۆستی رۆحی.. (دەمەو سەحەر، ئافرەتەکە ماچێکی لێوەکانی کرد، بەمجۆرە یۆهانز چاوی نووقاندو خەوی لێکەوت).. یا ئاشنابوونی (یۆهانز کارلسکی) بە(ئیراسمۆس)ی کەمانچەسازو کەمانچەزان.. وەك باوکێکی دلۆڤانی پڕاوپڕ لەزانست و ئەزمون و بەینەت و عیشق و موزیك..

بەحاڵەتێکی (مەکتوب) لەقەڵەم دەدرێت.. (نەخێر.. تەنها هەست دەکەم دەستی چارەنووس ئێمەی بەیەك گەیاندووە).. لێرە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەنووسینەکەی کاك (سامی هادی) بدەم کە لەژ(5)2005/12/12.. رۆژنامەی (چاودێر)دا دەربارەی (کەمانچە رەشەکە) بڵاویکردۆتەوەو تیایدا لەخەون و دەنگە ئۆپێراییەکەی (کارلا) دەدوێت و مەرگی موتسارد (مۆزارت).. بیردەخاتەوەو دەڵیْ: (یۆهانز کارلسکی) تەواو کەسایەتی مۆزارتی تیا بەرجەستەبووە، دەشڵیْ ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێنەوە، یۆهانز کارلسکی لەساڵی 1795دا تەمەنی 31 ساڵ بووە کە ساڵی 1787 مۆزارتیش تەمەنی 31 ساڵ بووەو هەموو پێکهاتەکانی سەردەمی مناڵی مۆزارت لەکەسایەتی یۆهانزدا کۆبۆتەوە).. ئیتر لێرەوە گەمە لەززەتدارەکەی عیشق و هونەر دەسپێدەکات، گەمەی نووسینەوەی چرکە شێتیەکانی سەر لەوحی رۆح، (چالاکی هونەرمەند وەك یاریەك وایە، مرۆڤیش تەنها ئەو کاتە سەربەستە کە یاری دەکات).. چونکە (مرۆڤ هەموو گەردوونی لەناوەوەیدا هەڵگرتووە).. (هەم بوداو هەم کیرکگۆر.. هەستیان دەکرد کە تەنها چرکەیەکی کورت دەژین).. وا درەنگ دەرکەوتنی (ئیراسمۆس) وەك کاراکتەرێکی رۆحانی، زۆر لەدەرکەوتنی کەسایەتی -سوزوکی-نۆڤلێتی-بەفر-دەکات-بەڵام کە (یۆکۆ) لەویْ دەگاتە لای.. سوزوکی چوون-یاقوب-بەبۆنی کراسەکەی-یوسف-سۆمایی دەگەڕێتەوە،.. (ئیراسمۆس)یش.. بەهەمان شێوە خاوەندی جیهانێکی گەردوونیە، ئەو لەگەڵ خەون و دنیای پڕ عیشق و فۆنیمە لەنجەدارەکانی (کارلا)دا دەژێت (نیشتمانی راستەقینەی من دونیای مۆسیقایە، ئیتر گویْ بەشتەکانیتر نادەم، هەرچەندە تۆ وەکو سەربازێك رەنگە تێگەیشتنێکی

تایبەتیت بۆ ئەم مەسەلانە نەبێت) یۆهانز سەرێکی راوەشاندو بەحەسرەتەوە وتی: (من بەناچاری بووم بەسەربازن، ئەگینا پێشتر من مۆسیقاژەن بووم).. هەست کە دەوروژێت ئیکسیری فۆنیم و مۆرفێم.. هەڵدەچێت، بەهرە مۆنادە ئەڤینییەکانی کە پڕیەتی لەتوخمی شێتی، ئاوێتەو ئاوێزانی شەپۆلی رەنگ و لەنجەی ئاوازو کۆنتێکستی زمان دەکات.. ئەمەیش چرکەی جەزبەو غەیبووبەی سەماو ژەنین و نووسین و نیگارکێشان و..تاد.. (یۆهانز چەند مانگێك بوو کەمانچەی نەژەنیبوو و ئامێرەکە لەدەستیدا بەڕادەیەکی سەیر سوك بوو، بەرەو لای لووتی بردی و بۆنێکی دارەکەی کرد، ئینجا بەنەرمی دەستێکی پیاهێنا، ئەتوت دەست بەسەر لەشی ئافرەتێکدا دەهێنێت، ئامێرەکەی لەنێوان شان و چەناگەیدا جێگیرکردو کەوانەکەی گرت و دەستی بەژەنین کرد.. سەرەتا زۆر لەسەرخۆ دەیژەنی، بەڵام وردە وردە خێرا بوو و کۆمەڵێك (پیزیکاتۆ)ی دڵڕفێنی ژەنی و پاشان لەپڕێکا وەستاو ماوەیەك مات و بێجووڵەبوو، چاوەکانی نووقاندبوون و لەخۆشیانا هەڵئەلەرزی).. (بەخێرهاتیت بۆ وڵاتی مۆسیقا! بەخێر هاتیت بۆ ماڵەکەی ئیراسمۆس) ئیراسمۆس خاوەنی سێ شتی بەنرخ بوو، تەختەیەکی شەترەنج کە بەلافی خۆی ئەفسووناوی بوو، بوتڵێك شەرابی (گراپا) کە کەس نازانێت چەند کۆن بوو، هەروەها (کەمانچەیەکی رەش).. (بەیانیان خەریکی چاککردنەوەیان دروستکردنی کەمانچە بوو، عەسران گراپای ئەدڵۆپاندو ئێوارانیش یاریی شەترەنجی دەکرد).. دواجار یۆهانز لەشوێنکاری ئەو کابرایەدا ئەو سەرچاوەی ئیلهامەی دۆزییەوە کە بۆ نووسینی ئۆپێراکەی پێویستی پێبوو. تەقسی گراپانۆشین و ئاخافتن لەمەڕ عیشق و زەمەن و لەنێو چوونی پڕشنگەکانی جوانی، شەرابی (گراپا) خوێنی (رۆح)ی باوکە بەفەرزەندەی دەبەخشێت تا لەفەزای رۆحی گەردووندا پەرش و بڵاوی بکات.. (ئیراسمۆس هەڵسا، دووجامی هێنا، هەردووکیانی پڕ لەشەرابێکی هەنگوینی کردو یەکێکیانی دایە دەست کەمانچەژەنەکە.. هانێ تامی بکە یۆهانز! پێکی یەکەم لەئاگر دەچێت! دووەم لەقەیفە! سێیەمیشیان.. لەسەرەتای خەونێك دەچێت) ئەی شەترەنج.. سەرنجڕاکێش؟ نا، ئەفسووناوی! بۆ ئەوەی ببیتە شەترەنجزانێکی کارامە، ئەبێ کەمێك شێت بیت، بەڕادەیەك لەسەر ئەم کارە بەردەوام بیت تا ئەقڵت لەدەست ئەدەیت، لەڕاستیدا شەترەنج تاقە یارییەکە پشت بەشێتی دەبەستێ و هەر ئەمەشە وا لەمن دەکات یاریی شەترەنج بکەم و حەزم لێی بێت).. بەڵام ئەوەی بەلای (یۆهانزە)و سەرنجڕاکێش بوو، کەمانچەڕەشە کە بوو، مۆسیقا بەلای ئەمەوە شتێکی سیحراوی بوو، (هەرگیز کەمانچەیەکی لەم چەشنەی نەدیبوو، کەمانچەیەکی وەها رەش، وەها ناسك و وەها جوان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شتێکی تیابوو دەبووە مایەی شڵەژانی مرۆڤ ئەم کەمانچەیە لەچاوی ئەمدا زیندوو دەینواند).. (رۆلان بارت).. لێکدانەوەی کۆدو هەڵوەشاندنەوەی هێماکان هێند بەپێویست نازانێت، گرنگ ئەوەیە لەنجەی دەلالە زەینی خوێنەر رووەو خەیاڵ رابماڵێت و رۆح چنگ چنگ بەنگ و حەشیشی ئەڤینی تێبکرێت و سەرسام و سەوداسەر لەوحی بوون و دەنك دەنك پرژانی زیخی زەمەن و پرشنگ پرشنگ تیشکەکانی گیان و کەڤاڵی رووخساری جوانی بنووسرێت (ئیراسمۆس) بۆتە بارستێك لەسەراب و یادەوەری و لەگەڵ تیشکگەلێك فۆنیم و جوانی ئیلاهیدا دەژیت، کەمانچە رەشەکە تەنها ئاماژەیەکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەوی دی، ئەگینا، جوانێك هەس تا هەتایە لەنێو مەملەکەتی دارمیاوی زەمەندا راکشاوە، .. ئەو بەردەوام

هەستێك دەیخرۆشێنێت (تەنها شت کە بوونی هەیە، ئەو شتەیە، کە هەستی پێدەکەین)، بەڵام هاوکات هەست بەزیندویەتی ئەو دەنگە دەکات (نەسیمێك بەسە بۆ ئەوەی بیلەرێنێتەوە، ئاوازەکەی هێندە نامۆیە، گەر بۆ تاقە جارێکیش بیبیستیت بۆ هەتا هەتایە دەتگۆڕێت، لەچەشنی قومێك بەختەوەریی پەتی ئەچێت، کە ئەگەر بۆ جارێك تاقیت کردبێتەوە، چیدی ئەو کەسەی پێشوو نابیت، بەڵێ ژەنینی ئەو کەمانچە رەشە ئاوەهایە) (هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە کە لەهەموو ژیانتدا بۆ تاقە جارێك تامی بەختەوەریی راستەقینە بکەیت، چونکە دوای ئەوە، هەموو شتەکانیتر دەبنە مایەی غەمگینیت، تەنانەت سادەترین شتەکانیش) ئیراسمۆس.. هێدی هێدی رازو نهێنیەکانی دنیای داهێنانی بۆ دەدرکێنێت.. رۆژێك دێت تۆ ئۆپێراکەت دەنووسیت‌و پاشان پێشکەشی دەکەیت، لەوانەیە بۆ تاقە جارێك، رەنگە بەتەنها بۆ خۆت، بەڵام پێشکەشی دەکەیت، بەڵام پێویستە بەدوای بەشەکانی تری خەونەکەتدا بگەڕێیت، لەوانەیە هەر بەشەی لەشوێنێك بێت، بەڵام لەهەموو شوێنێك زیاتر وا لەناو ناخی خۆتدا) (هەر کەسەو رێگای خەونەکانی خۆی دەبڕێت، ئەوەش کە تۆ ئەو ئافرەتە سەیرە لەخەونەکانتدا دەبینی، خۆی لەخۆیدا شایەتی بۆ ئەم قسەیەی من ئەدات) (رۆژێکی یەکشەممەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1797، لەکاتێکا کلوو کلوو بەفر بەسەر شاری ڤینیسیادا دەباری، یۆهانز بەمەبەستی نوێژی شێوان بۆ کڵێسای سان زەکەریا دەچوو، لەکۆتایی رێوڕەسمەکەدا، نوێژکەرەکان هەڵسان‌و لەکڵێساکە چوونە دەرێ، بەڵام یۆهانز لەوێ بەتەنیا مایەوە کاتێ بەتەنیا لەماڵی خودا کەوتبووە سەر ئەژنۆ، گوێی لەدەنگی کەسێك بوو، دەنگی ئافرەتێك کە زۆر بەناسکی‌و غەمگینانە گۆرانیی دەوت، یۆهانز

مووچڕکێك بەمووڕەگەی پشتیدا هات، دەنگەکە لەهەمان ئەو دەنگە دەچوو کە ئەو شەوە لەمەیدانی شەڕەکەدا بیستبووی.. یۆهانز نەشئەی خۆشی دایگرت، پڕکێشی نەکرد چاوی بکاتەوە، لەوە دەترسا گەر چاوی بکاتەوە تەلیسمەکە بشکێت‌و گۆرانییەکە کۆتایی بێت، ئەو پێویستی بەوەبوو زیاتر گوێی لەو دەنگە بێت، چاوەڕێ بوو، چاوەڕێ بوو شتێك لەدەروونیدا دروست بێت‌و گەشە بکات، شتێك کە لەمناڵبوون دەچێت، لەهاتنە ناوەوەی بەشێکی بوونی بۆ نێو ئەم دونیایە، ئەو ئۆپێراکەی بۆ ئەم دەنگە دەنووسی‌و قەراربوو ئۆپێراکە لەڕێی خاوەنی ئەم دەنگەوە پێشکەش بکرێ.. کە گۆرانییەکە کۆتایی هات، یۆهانز چاوی کردەوە لەسەرخۆ هەڵساو سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد، بەڵام کەسی لێنەبوون دەنگ‌و ئاوازەکە نەمابوون‌و کڵێساکە چۆڵ‌و هۆڵ بوو.. بەتەنها خۆی‌و یادەوەریی ئەو نەغمەیە مابوونەوە کە لەچواردەوریدا دەنگی ئەدایەوە.. ئەمە دووەم جاربوو ئەو بدۆزێتەوەو لەدەستی بداتەوە) بەپێی تێگەیشتنی کۆنی مەسیحی.. خوداوەند تەنها پیاو نییە، بەڵکو لایەنێکی مێینەو سروشتێکی دایکایەتیشی هەیە، بەیۆنانی بەولایەنەی خوداوەند دەگوترێت-سۆفیا- (سۆفیا) مانای حیکمەت دەبەخشێت، (هیلدەگارد)ی راهیبە دەیگوت لەدیدەکانیدا (سۆفیا) خۆی نیشانداوە، جل‌وبەرگێکی ئاڵتوونی لەبەردا بووەو بەخشڵ‌و مرواری گرانبەها رازاندۆتەوە، هەروەها ئەو ژنەی لەتەقالیدە عیرفانییەکان بەناوی (سۆفیا) دەناسرێتەوە کە وێنەی (مەعشوقە)، زراڤو بالاّ بەرزە.. (نالی).. دەڵێ..

**تا سونبولی زوڵفت لەنیهالی قەدت ئالاّ**

**من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بالاّ**

(ئیراسمۆس) لەڕێگەی تەلیسمی کەمانچە ڕەشەکەو عیشقی (کارلا-سۆفیا)وە.. لەنەوای دەنگێك دەدوێت لەبێدەنگییەکانی نێو ڕۆح دەکات، دەیەوێت (یۆهانز) بگەیەنێتە چرکەکانی (OM) ئۆم ئەو برگە پیرۆزەیە کە لەزمانی هیندیدا لەواژەی AUM پێکهاتووە، زێتر درك بەعیشق و دەنگ و جوانی و نهێنییەکانی (بوون) بکات، بەڵام لەبونیادی قووڵی تێکستەوە- دەلالە گەلێك خۆ دەردەخەن و مانا گەلێك دەردەبڕن.. بەزمانێك هەرگیز زمانێکی بەهێزو ترسناکی دەستەجەمعی نییە، زمانێکە لەچرپەچرپ و سرپە سرپ و خۆ دواندن و وڕێنەیەکی لەززەتاوی دەکات، ئەو هسهسەی زمانە جارێك لەموتعەو لەززەتە ئیرۆتیکیەکانی تێکست دەدوێت و جارجارەش لەجیهانی لێوانلێو لەفەنتازیای ئاماژەدا لەشکڵ و شێوەو ڕوخساری سۆفیا و نەرسیسدا دەردەکەوێت، بەبزەو خەندەو زەردەخەنەوە لەهیکرا لەقاقای پێکەنینێکی دەدات و بەچرپەوە ئێژێ ئێوە لەگۆڕستانەکانی زەمەنی ونبووی 1797دا بەدوای مانا دەگەڕێن، ماناکەی بوونی هەیە، مانا تۆپەڵە جیوەیەکە چلۆن دەسەبەر دەکرێت، چین چین توێ توێ مانەندی سەلکە پیازێك دەق هەڵدەنەوە تا بەناواخن و کرۆکەکەی دەگەن! لەداری ئابەنووسی کەمانە ڕەشەکەوە لەفەزای بۆهیمیا بڕوانن غەجەرە ژەنیارەکە چۆن بەرانبەر ئاتەشکە دەی عیشق دانیشتووەو مۆسیقا بۆ جوانیەکانی (کارلا فێرینزیی).. دەژەنێت و دەمامکی ڕوخساری دەمامکپۆشانی شەوانی کەرنەڤاڵی ڤینیسیا هەڵدەنەوە. سەیری شەپۆلە ئیرۆتیکیەکانی چاوو ئاگرەکانی گۆنا بکەن!.. بەڵام پیر دەڵێ: (کەمانچەیەکی بێخەوشی وا کە دەنگی بەڕادەیەك بەرزبێت هەر کە ژەنرا ئاسمان ببڕێت و لەگەڵ خوادا بپەیڤێت)..

پیر دەڵێ: (ئەوە دەزانین کە ئەم توانایە لەگەڵ نیشانەی شێتیدا کە پێیان دەکرێ هەڵکەوتوویەك بکەنە دیوانەیەك دواجار یەکشتن) ئیراسمۆس دەڵێ: ئەو نەوایەی کە هەوڵم ئەدا بیدۆزمەوەو بۆ هەمیشە لەناو دڵی کەمانچەکانمدا بیپارێزم، لەڕاستیدا ئەو مۆسیقا پەتییە، بریتی بوو لەنەوایەکی مرۆیی، دەنگی ئافرەتێك، نەوایەك کە لەدەنگی خۆم باشتر دەیناسم، گەرچی بەتەنها لەخەونەکانمدا دەتوانم گوێم لەو نەوایە بێت) (سەرەتای پەرجوویەکم دەبینی، پەرجوویەك کە دەبووە مایەی پەیدابوونی دەنگێك کە لەتوانایدا بێت جیهانی مرۆڤەکان بەجیهانی فریشتەکانەوە ببەستێتەوە) (ئافرەتێکم دەبینی بەرەو لای من دەهات نەمدەناسی نەسیمای بەلامەوە ئاشنابوو و نە بەژن و بالای، بەڵام دەنگە زێڕینەکەی سەرتاپای شەوانمی تەنییبۆوەو هەموو جارێکیش بەبیستنی ئەو دەنگە ئەتوت خەریکە دڵم شەقار شەقار دەبێت. لەڕاستیدا عاشقی ئافرەتێك بوو بووم کە بوونی نەبوو هەموو شەوێك لەهەمان خەوندا، بەدەوری شارێکی سەیردا دەسووڕامەوە ئاوازی کەمانچەیەك لەدوورەوە دەهاتەگوێ، بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە هەنگاوم دەنا.. لەنێو ئاوەکەدا وێنەی دەموچاوێکم دەبینی کە چارشێوەی پۆشیبوو.. بەشێنەیی لێی نزیك دەبوومەوەو دەستم دەخستە سەرشانی، کاتێك ئافرەتە لاوەکە ڕووی تێدەکردم، سەیرم دەکرد کەمانچە ناژەنێت، بەڵکو خۆی کەمانچەیەکە!.. ئەو نازانم ئافرەتە، یا مۆسیقایە یان خەونە..) (کارلا چاوی نووقاندبوو و لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشتبوو، کاتێ چوومە ژوورەوە، ئەو خەوالووبوو، چاوی کردەوە هەر کەسەیری کردم، کەوتمە داوی سیحری چاوەکانییەوە. دووچاوی ڕەش و قووڵ و گەش، بسکە ڕەشەکانی جیلوەیەکی تری بەجوانی

روخساره ڕەنگپەڕیوەکەی بەخشیبوو) هەر کە گوێم لەدەنگی بوو، زانیم کە ئەمە هەمان ئەو ئافرەتەیە کە ساڵانێکە خەونەکانی منی داگیرکردووەو بۆشم دەرکەوت کە دوچاری عیشقی بووم پرسیم: ئەو دەنگە دەنگە ئارامیتان ناشێوێنێت؟

وەڵامی دامەوە: هەرگیز من عاشقی مۆسیقاو ئاوازو پێکەنینم، ئەم شتانە دەبنە مایەی دڵخۆشی بۆ من (کارلا، من جوانترین کەمانچەی دنیات بۆ دروست دەکەم، باشترین کەمانچەیەك کە تا ئێستا دروستکرابێ.. من ئەو ئامێرەت بۆ دروست دەکەم کە دەنگی لەدەنگی تۆ بچێت).

ئەمەم وت، بەبێ ئەوەی بزانم کە بەم بەڵێنەم، هەم خۆمو هەم ئەویش بۆ هەتاهەتایە لەدەست ئەدەم!) تێکست بەزمانێکی فەنتازی لەجوانیەکانی شاری ڤینیسیا دەدوێت، دەڵێی کردەی دەقئاویزانی لەگەڵ شیعری (قبلای خان)ی (کولردج)و چیرۆکی دووبرا زەڕنگرەکەی (توماس مان)دا ئەنجامداوە، جارجارە چەندین رستەو دەستەواژەی بارگاوی بەتوخمەکانی ئەفسانە لەپڕێکا گیانی خوێنەر دەوروژێنن، بەڵام ئەفسوونی جوانی هەمیشە لەکۆشكو تەلارەکەی (کۆنت فێرینزی) دەکات کە هێدی هێدی زەبری شاڵاوەکانی زەمانو مەرگەساتی جەنگە نادادپەروەرییەکانی (دەسەڵات) ڕەونەقو درەوشانەوەی دەفەوتێنن، رۆحی ئاڵۆزی جوانیش وەك (رامبۆ) لەجیهانی شیعردا جەختی لەسەر دەکات، مانەندی سیحری دەنگو روخساری قەشەنگی (کارلا)یەو هەرگیزاو هەرگیز دەسگیر ناکرێت!.. کەمانچە ڕەشەکە بەرجەستەکراوی گیانی ڕەنگاوڕەنگی (ئیراسمۆس)و (کارلا)یەو کەس بۆی نییە بیژەنێت، (یۆهانز کالیسکی)یش پەیتا پەیتا لەڕێگەی عیشقو خۆپێگەیاندنو میهری رۆحی گەردوونەوە خودی خۆی دەدۆزێتەوەو ئاستەنگەکانی بەردەم دونیای مۆسیقا تێکدەشکێنێتو ئەڤینی فروستادە ڕەشپۆشە شەبەنگئامێزەکە دەنووسێتەوەو ئۆپێرا نموونەییەکەی تەواو دەکات.

<u>سەرچاوە:</u>

ناوی کتێب: کەمانچە ڕەشەکە (ڕۆمان).

نووسینی: ماکسێنس فێرمین

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم 2005 سلێمانی